لیژنەیەکی دارایی عێراق، بۆ کارکردن لەسەر ئامادەکاریی لیستی مووچەی مووچەخۆران سەردانی هەرێم دەکەن

بەگوێرەی هەواڵێکی میدیای یەکێتیی، بەیارەی ئەمڕۆ یەکشەممە 4ـی ئابی 2024، لیژنەیەک لە وەزارەتی دارایی عێراق، بۆ کارکردن لەسەر ئامادەکارییەکانی لیستی مووچەی مووچەخۆران سەردانی هەرێم بکەن، و بۆ هاوبەشی لەگەڵ بەشی ژمێریاریی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمکارە ئەنجام بدەن.

بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکان یەکێک لە ئامانجەکانی لیژنەکەی وەزارەتی دارایی عێراق،لەو کارە هاوبەشە، ئامادەکردنی مانگانەی لیستی مووچە و دەرخستەی کۆتایی مانگەکان، هاوشێوەی ئەوەی بۆ وەزارەتی دارایی عێراق داوای دەکات.

هاوکات، لیژنەکەی وەزارەتی دارایی عێراق ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بەشی ژمێریاریی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆ چێنیەتی ئامادەکردنی لیستی مووچە و وردبینی لە داهاتی نانەوتیی هەرێمی کوردستان.